# هەڵمەتی ڕاگەیاندن هەڵبژاردن گەرمتر دەکات..

## دەبێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ساختەکارییەکان ئاشکرابکەن، نەک خۆیان خروقات بکەن..

**وا بڕیاربوو (٢/٧) یەکەم ڕۆژی دەسپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بێت، بەڵام دواتر لە هەفتەی ڕابردوو سێ ڕۆژ پێش ئەو وادەیە کۆمسیۆنی باڵا لە بڕیارێکی تریدا بڕیاری دا کە (٢/١٢) بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەست پێبکات. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەرکی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە کە ئەرکی سەرەکی لە ئەستۆی ئەم دەزگایانەیە، لایەنەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە ڕاگەیاندنەکان هەستن بە ئەرکی خۆیان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بێ ناوزڕاندنی لایەنی بەرامبەر..**

ژیار عومەر
یەکگرتوو/سلێمانی



بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو:

**پێویستە دەزگا ڕاگەیاندنە حکومییەکان بەشێوەیەکی یەکسان دەرفەتی بانگەشەکردن بۆ هەموو لیست و لایەن و کاندیدەکان بڕەخسێنێت..**

لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو وێڕای جەخت کردنەوەی لە گرنگی و ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە ڕاگەیاندنەکان پابەندی یاسا و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بن و لەو چوارچێوەیە دەرنەچن.

لەو بارەیەوە (حامید محەمەد عەلی) بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ڕایگەیاند: "دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەگشتی ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە، چونکە لە ڕێگەی ئەو دەزگایانەوە لیست و لایەنەکان بەرنامەی خۆیان ڕادەگەیەنن". ناوبراو ئاماژەشی دا: "لە کوردستاندا چەندین جۆری ڕاگەیاندن هەیە، ڕاگەیاندنی حیزبی، ڕاگەیاندنی حکومی، ڕاگەیاندنی ئەهلی، ئەمانە هەمووی لە یەك ئەرکدا هاوبەشن ئەویش بەرچاو ڕۆشنکردنەوەی خەڵکی بەوەی گرنگی بەشداری کردنیان، ئەمە ئەرکێکە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئەستۆی دەگرن و ئەرکێکی تری دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەك ئەڵقەیەکی پەیوەندی کار دەکەن لەنێوان کۆمسیۆن و جەماوەردا".

بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو وتی: "دیارە هەریەك لەو جۆرانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە پێشتر ئاماژەم پێدا ئەرك و کارییان جیاوازە، بەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە حیزبەکان ئەرکیان بانگەشە کردنە بۆ لیست و کاندیدەکانی خۆیان، بەڵام دەزگا حکومییەکان پێویستە بەشێوەیەکی یەکسان دەرفەتی بانگەشەکردن بۆ هەموو لیست و لایەن و کاندیدەکان بڕەخسێنێت، لەمەشدا لەگەڵ میدیای ئەهلی هاوبەشن، بەوەی کە بانگەشە بۆ هەموو لایەك بکەن، بەڵام لەوەدا جیاوازن کە میدیای ئەهلی بەرامبەر بڕێك پارە بانگەشەکە دەکات".

ئەندامێکی لیژنەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕانیش بەهەمان شێوە وێڕای جەختکردنەوەی بەوەی پێویسە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی کاریگەرییان هەبێت لە هاندان و وشیارکردنەوەی خەڵك بۆ دەنگدان و شێوازی دەنگدان، ئەوەش دەخاتەڕوو کە پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دووربن لە ناوزڕاندنی لایەنی بەرامبەر، بە هەموو شێوەیەك خۆیان بەدور بگرن لە هەڵوێستی لەو جۆرە مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە ناچار بە وەڵامدانەوە بکرێن.



ئەندامی لیژنەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕان

**ڕاگەیاندن دەبێت دەورێکی ئەساسی هەبێت بۆ هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی خەڵک بە گەرموگوڕیەوە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن. چونکە بەشداریکردنی خەڵک بە گەرموگوڕی مەجالی تەزویر کەم دەکاتەوە**

(مەحمود ڕەزا) ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕان لە وتەیەکیدا بۆ یەکگرتوو دەڵێت: "ڕاگەیاندن دەبێت دەورێکی ئەساسی هەبێت بۆ هاندانی خەڵك بۆ ئەوەی خەڵك بە گەرموگوڕیەوە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، چونکە بەشداریکردنی خەڵك بە گەرموگوڕی مەجالی تەزویر کەم دەکاتەوە".

ئەو ئەندامەی لیژنەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕان پێی وایە: "ئەرکی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆنە کە خەڵك هانبدات بچن بۆ دەنگدان بۆ ئەوەی مەجالی تەزویر کەمبێتەوە، لە هەمان کاتدا دەبێت ڕاگەیاندن بانگەشە بکات، بەڵام بەجۆرێك تەشەنوج دروست نەکات و، بایەخ بدات بە پەیامی لیست و حیزبی خۆی بەبێ ئەوەی هێرش بکرێتە سەر لایەنی بەرامبەر، مەگەر ناچار بکرێت وەڵام بداتەوە".

بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی پێی وایە کە تائێستاش سەرەتایین لە بانگەشەی هەڵبژاردن، لەگەڵ ئەوەشدا جەخت دەکاتەوە کە پێویستە لایەنەکان دووربکەونەوە لە ناوزڕاندنی یەکتر.

لەو بارەیەوە (تۆفیق کەریم) بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی بە یەکگرتووی ڕاگەیاند: "هەموو لیستێك مافی خۆیەتی ئەوەندەی بۆ ڕەخساوە بانگەشەی هەڵبژاردن بکات، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە تا ئێستاش سەرەتایین لە بانگەشەی هەڵبژاردن، ئومێد دەکەین کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بتوانن ڕۆڵی ئیجابی بگێڕن، واتە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەرنامەی لیستی خۆیان و پەیامی لیست و کاندیدی خۆیان بگەیەنن بەبێ ناوزڕاندن بە هیچ لیست و لایەنێکی تر".

ناوبراو وتیشی: "هەوڵی جدی بدرێت ئەو توندوتیژیەی کە بەو هۆیەوە دروست دەبێت ئەو ڕۆحییەتە نەهێڵن بەهیچ شێوەیەك زیندوو ببێتەوە، ئەویش بەوەی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرپرسیارانە ببینێت، ئەوەی خۆی پێیەتی دەری ببڕێت بەبێ ئەوەی لەسەر حیسابی ئەوانی تر بێت".

بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوەشی خستەڕوو: "ئەم هەڵمەتی ڕاگەیاندنە کە بۆ عێراقە نەك کوردستان حەقی خۆیەتی ململانێکە لەسەر ئاستی عێراق بکرێت و چڕ نەکرێتەوە بۆ ناو لیستە کوردیەکان. من وەك خۆم قەناعەتم وایە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەرفەت ماوە کە تەنسیق دروست بکەن لەنێوان خۆیاندا، کە ئەمە باشترە ئەگەر خروقاتێکیش هەبێت بەزوویی دەتوانن چارەسەری بکەن".

### دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەرکێکی جیاواز و ئەرکێکی قورستر

بەهۆی شێوازی هەڵبژاردنەکانی ئەمجاری پەرلەمانی عێراقیەوە کە بەشێوازی نیمچە کراوە ناودەبرێت، ئەمە بۆ یەکەمجارە بەکار دەهێنرێت لە هەرێمی کوردستان، دووەم جارە لە ناوچەکانی تری عێراق کە ساڵی پار لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ئەم شێوازە پیادە کرا. ئەگەرچی چاودێران ئاماژە بە تارادەیەك قورسی ئەم شێوازە دەنگدانە دەدەن، بەتایبەت بۆ کۆمەڵگایەکی وەك عێراق بەهۆی زۆری ڕێژەی نەخوێندەوار و ناهۆشیاری لەسەر ئەم شێوازی دەنگدانە لای تاکی دەنگدەر، کە دەبێت دەنگ بدات کەسەکان نەك لیستەکان. لەگەڵ ئەوەشدا هەمووان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەستن بە وشیارکردنەوەی خەڵکی لە شێوازی دەنگدان، ئەگەرچی ئەم ئەرکەیان قورسترە و جیاوازیشە لە جارەکانی پێشووتر.

بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان باس لەوە دەکات: "شێوازی دەنگدانی ئەمجارە نیمچەکراوەیە، ئەمە گونجاوترە و هەنگاوێکە بەرەو بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵگا، بۆیە ئەرکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەمجارە تارادەیەك جیاوازترە، بەوەی کە جگە لە بانگەشەکردن بۆ لیست و کاندیدەکانیان، بەڵام پێویستە ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت لە وشیارکردنەوەی خەڵك بۆ هاندانیان لە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و شێوازی دەنگدانیان".

(حامید محەمەد) وتیشی: "جگە لەمانش ئەرکێکی تری ڕاگەیاندن بریتییە لەوەی هەر خروقات و پێشێلکاریەك هەبێت وەك خۆی بڵاوی بکەنەوە بەبێ گەورەکردن".

(تۆفیق کەریم) لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ یەکگرتوو زیاتر وتی: "ئەرکی ڕاگەیاندن جگە لەو ئەرکانەی پێشتر ئاماژەم پێدا بەڵام جیاوازە لە چەند ڕوویەکەوە:

یەکەم: بانگەشەکە لەسەر ئاستی عێراقە، کە ئەمەش لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پێشوو جیاوازە، کە لەسەر ئاستی کوردستان بوو.

دووەم: شێوازەکە کراوەیە بۆ کاندیدەکان، ئێمەش بەڕاستی بێ ئەزموونین لەم ڕووەوە، چونکە هەڵبژاردنەکانی تر بانگەشەکە بۆ لیست بووە نەك بۆ کاندید، لەبەر ئەوە ئەم ئەزموونە تازەیە.

سێیەم: هەموو پارێزگایەك بازنەیەکی سەربەخۆیە، واتە خۆی بۆخۆی وەك حکومەتێك یان هەرێمێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ کاندیدەکان دەکات.

ئەو بەرپرسەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی دووپاتیشی کردەوە: "ئەرکی ڕاگەیاندن ئاڵۆزە و قورسە ئەمجارە. ئومێد وایە ئەو کەسانەی لەپشت ئەو کەناڵانەوەن بتوانن بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەشە تازەیە بکەن و بە ئەمن و ئەمان بەڕێی بکەن".

ئەندامەکەی لیژنەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕانیش تەئکید دەکاتەوە: "پێویستە هۆشیاری بدرێتە خەڵك و، خەڵك فێر بکرێت چۆن دەنگ دەدات، چونکە ئەمە یەکەمجارە بەو شێوەیە دەنگ بدرێت، جاران یەك چز بوو لە لیستەکە دەدرا بەڵام ئێستا ئسلوبی دەنگدان گۆڕاوە".

(مەحمود ڕەزا) وتیشی: "ئەرکی ڕاگەیاندنەکان زۆر قورسە، چونکە وەکوتم شێوازی دەنگدان گۆڕاوە، پێویستە خەڵك هۆشیار بکرێتەوە چۆن دەنگ دەدات".



بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی:

**ئەرکی ڕاگەیاندن ئاڵۆزە و قورسە ئەمجارە. ئومێد وایە ئەو کەسانەی لەپشت ئەو کەناڵانەوەن بتوانن بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەشە تازەیە بکەن و بە ئەمن و ئەمان بەڕێی بکەن**

# (٣/٧) دەبێتە ڕۆژی وەرچەرخان؟!

کارزان عەزیز مەحمود
ڕانیە

ئەمڕۆ سەرجەم عێراقیەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە چاوەڕێی ڕۆژی (٣/٧)ن، کە ڕۆژی هەڵبژادنی ئەندامانی پەرلەمانە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، کە زۆربەی پارتە سیاسییەکان بە ڕۆژێکی چارەنووسسازی دەزانن بۆ گەیاندنی ئەندامانی خۆیان بۆ ناو پەرلەمان و و زانینی سەنگ و قورسایی خۆیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق، بەڵام ئایا ئەم ڕۆژە وەك بەلای پارتەکانەوە گرنگە بەلای هاوڵاتیانەوە ئەو گرنگییەی هەیە؟ لە کاتێکدا لە سەردەمی ڕژێمە جۆراوجۆرەکانی عێراق و ڕژێمی بەعسی رووخاو و دوای ڕژێمی بەعسیش هاوڵاتیان بەدەست هەژاری و گەندەڵی سیاسی و ئیدارییەوە دەناڵێنن، کە هەرێمی کوردستانیش بەدەرنیە لەو نەهامەتیانە کە لە کاتێکدا ئێمە لەدوای (١٩٩١)ەوە سەربەخۆیی خۆمان وەرگرتووە و خاوەنی حکومەت و هەرێمی خۆمانین.

ئایا هاوڵاتیان چەندە گەشبینن لە کاتێکدا لەدوای ساڵی (١٩٩١)ەوە هەرێمەکەمان دابەش کراوە بەسەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار کە خەڵکێکی زۆر بەهۆی نەبوونی یەك هەڵوێستی و یەك ئیرادەیی قیادەی سیاسی بوونە قوربانی شەڕی ناخۆ، کەسانێکیش کە لەگەڵیاندا نەبوون تائێستاشی لەگەڵدابێت بە هاوڵاتی پلە دوو دادەنرێن!

ئایا هاوڵاتیان چۆن گەشبین بن؟ لە کاتێکدا سەرجەم داهاتی ئەم هەرێمە بەدەست دوو پارتی دەسەڵاتدارەوەیە و بەکەیفی خۆیان تەخشان و پەخشانی دەکەن! دەپرسم چۆن بە هاوڵاتیان دەڵێین بەگەرمی پێشوازی لەم ڕۆژەدا بکەن؟ لە کاتێکدا لەم هەرێمە زۆربەی خەڵکی بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنێت و بە سەدان هەزار کەسیش خاوەنی بستێ زەوی نییە کە لە کاتێکدا بەرپرسەکانمان بە هەزان دۆنمیان لەم هەرێمەدا بە نایاسایی دابڕکردووە!

چۆن بە هاوڵاتیان دەڵێین ڕۆژێکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی هەرێمەکەمان لەسەر ئاستی عێراق؟ لە کاتێکدا ئێستاش هەرێمەکەمان بەدەست دوو ئیدارەیی و گەندەڵی سیاسی و ئیداری و فیکرییەوە دەناڵێنێت !

بە چ ڕوویەکەوە دەڵێین ڕۆژێکی گرنگە بۆ زیادکردنی بودجە بۆ هەرێمەکەمان؟ لە کاتێکدا داهاتی تاکەکەس لەم هەرێمەدا هەر بوونی نییە و تەنانەت ئەوە شەش دەوری پەرلەمانیشمان بینی تائێستا بودجەی حیزبەکانیش دیار نییە!

چۆن قەناعەت بە هاوڵاتیان دەکەن کە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی چارەنوسسازە؟ لە کاتێکدا هێشتا عەقلیەتی سیاسی سەرکردەکانمان بە عەقلیەتی سیاسی تەسکەوە مامەڵە دەکەن و، تائێستاش زۆرجار موزایەدەی کوردایەتی بەسەر خەڵکەوە دەکەن !!

چۆن بە هاوڵاتیان دەڵێین ئەم ڕۆژە ڕۆژی خزمەت و خۆشگوزەرانییە؟ لە کاتێکدا دوای (١٨) ساڵ لە سەربەخۆیی و حکومەتی خۆمان تائێستا خاوەنی سەرەتاییترین ماف نین کە (ئاو و سوتەمەنی و کارەبا)یە، ئەو سێ گرفتەی بە بوونی پلانێکی تۆکمە بە ماوەیەکی کەم چارەسەر دەکرێت.

چۆن بە گەنج و لاوان دەڵێین (٣/٧) ڕۆژی ئێوەیە؟ لە کاتێکدا تا ئەم ساتەوەختەش گەنج هیچ هیوا و ئومێدێکی نییە و ڕۆژانە چەندین گەنج سەری خۆیان هەڵدەگرن و بەرەو ئایندەیەکی نادیار کۆچ دەکەن، چۆن بە گەنج دەڵێین ئێوە نەوەی دوادڕۆژی ئەم هەرێمەن لەکاتێکدا ئەوان لەم هەرێمەدا لە زۆربەی مافەکانی خۆیان مەحروم کراون کە چەندین ساڵە بە هەزاران گەنج بێ کارن و و بە هەزارانیش لە دەرەوە بوونە خزمەتکاری بێگانە.

چۆن دڵیان بەم هەرێمە خۆشبێت کە بە سەدانیان بەدەست دانەمەزراندیانەوە دەناڵێنن و، تا ئێستاش لە زۆربەی دەزگاکانی حکومەتدا داوای تەزکیەی حیزبیان لێدەکرێت!

لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ناوچە دابڕاوەکان بووەستێ، دڵ و قودسی کوردستان (کەرکوك)ی سۆمای چاوی کورد و کوردستان، هۆکار و جولێنەری شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کوردان...

دەپرسم وەڵامتان چییە بۆ ئەو بەشە زۆر گرنگەی کوردستان و خەڵکە بێ نازەکەی؟ کە نیو سەدە زیاترە جەستەیان شەقار شەقار و گیان و لاشەیان بەبێ نازی دەخرێتە ژێر خاکی بێ ناونیشان!!

بەڵێ، ئەو پرسیارانەی من دەیانکەم نیشانەی بێ ئومێدی نییە و هیوادارم کەس وا تێنەگات، بەڵکو ڕوو لە هەموو هاوڵاتیەکی عێراقی دەکەم، بەتایبەت هاوڵاتیانی کوردستان کە زۆر بە وریایی و بە عەقڵێکی کراوەوە بڕیار بدەن و (٣/٧) بکەنە ڕۆژی وەرچەرخانێکی گەورە، چونکە بەڕاستی ئەم دەورەی پەرلەمان هیچ بیانوویەك نییە بۆمان کە نەتوانین گۆڕانکاری بکەین، لە کاتێکدا ئیرادەی تاکەکان دەتوانێت سەرجەم پێوەرەکان بگۆڕێت.

تکایە با چیتر ڕێگە نەدەین گاڵتە بە عەقڵمان بکرێت، چونکە (٣/٧) ڕۆژی گەڕانەوەی مافە بۆ خاوەن مافەکان، ڕۆژی گەڕانەوەی بڕیاردانی جەماوەرە لە دەستنیشانکردنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆی.. ئەو نوێنەرانەی کە مێژوویەکی پاك و ئەزموونی پڕ خزمەتی بێ جیاوازیان هەیە..

(٣/٧) ڕۆژی هەل و دەرفەتی گەلە، بۆیە پێویستە ئەم گەلە ستەمدیدە زۆر بەوریایی و وردبینانەوە بڕیاری خۆی بدات و نوێنەری کارامەی مێژوو پاك بکاتە نوێنەری خاك و خەڵك بۆ عێراق و پایتەختی پڕ کێشمەکێش..

(٣/٧) ڕۆژی هۆشیاری گەلە.. ڕۆژی چاوگێڕانیەتی بە مێژووی گۆڕەپان و پاڵەوانەکانیدا... ڕۆژی بەکارهێنانی ژیری و عەقڵی دووربین و دورکەوتنەوە لە دروشمی بریقەدار و پاڵەوانە بوخزنەکان!!!